هیچ یەکێک یان هیچ شتێک ئارامگر نییە بەرامبەر قسەیەکی ناپاسەند وئازاردەر کە بیبیستێت وەکو خوای گەورە، ئەوان بانگەشەی بوونی کوڕ بۆ ئەو دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەندروست باشی وڕزقیان پێدەبەخشێت

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ یەکێک یان هیچ شتێک ئارامگر نییە بەرامبەر قسەیەکی ناپاسەند وئازاردەر کە بیبیستێت وەکو خوای گەورە، ئەوان بانگەشەی بوونی کوڕ بۆ ئەو دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەندروست باشی وڕزقیان پێدەبەخشێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هیچ یەکێک یان هیچ شتێک ئارامگر نییە): واتا خوای گەورە ئارامگرتنی لە هەموو کەسێک زیاترە، ولە ناوە جوانەکانی) -الصبور-ە، واتا -ئارامگر- کە بە مانای ئەوە دێت پەلە ناکات لە سزادان، وئەمیش نزیکە لە مانای ناوی پیرۆزی -الحليم- کە وشەی -حُلم-بەمانای لەسەرخۆ وخۆڕاگیر دێت، بەڵام ناوی -الحليم- زیاتر ئاماژە بۆ سەلامەت بوونی بەندە دەکات لە سزادان. (بەرامبەر قسەیەکی ناپاسەند وئازاردەر کە بیبیستێت وەکو خوای گەورە): وشەی -الأذى- کە لە فەرموودەکەدا هاتووە بۆ شتێکە کە کەمێک زیانلێدەر بێت وکەمێک کاریگەری لاواز وخراپە وشەڕی هەبێت، وخوای گەورە باسی ئەوە دەکات کە بەندەکان ناتوانن زیان بە ئەو زاتە بگەیەنن، هەروەکو دەفەرموێت: {وَلاَ يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّواْ اللهَ شَيْئاً} واتە: {با دڵ غەمگینت نەکەن ئەوانەی پێشبڕکێ وپەلە دەکەن لە کافری وبێباوەڕبوونیاندا بێگومان ئەوانە هەرگیز هیچ زیانێک ناگەیەنن بە خودا}، ولە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت: (يا عبادي إنكم لن تبلغوا ضري فتضروني ولن تبلغوا نفعي فتنفعوني) واتە: (ئەی بەندەکانم، ئێوە هەرگیز توانای زیان گەیاندنتان بە من نییە بۆیە هەرگیز زیان بە من ناگەیەنن، وئێوە هەرگیز توانای سوود گەیاندتان نییە بە من بۆیە هەرگیز ناتوانن سوود بە من بگەیەنن)، بۆیە ئەوەی ڕوونکردەوە کە بوونەوەرەکان ناتوانن زیانی پێبگەیەنن بەڵام لەوەیە شتێکی ئازاردەر ئەنجامبدەن یان بڵێن دەرهەق بە مافی خوای گەورە کە ئەمیش بێگومان ئازار دەگەیەنێت بە خوای گەورە. (ئەوان بانگەشەی بوونی کوڕ بۆ ئەو دەکەن): واتا نەوەکانی ئادەم ئازاری خودا دەدەن وجوێنی پێدەدەن، خودا بەرزە وپیرۆزە وبەریئە ودووڕە لەوەی موشریکەکان دەیڵێن وئەنجامی دەدەن، کاتێک دەڵێن خودا کوڕی هەیە وشەریک وهاوبەشی هەیە لە پەرستنیدا، لە کاتێکدا پەرستن دەبێت بە دڵسۆزی وئیخلاصی تەنها بۆ خودا ئەنجامبدرێت. (لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەندروست باشی وڕزقیان پێدەبەخشێت): خودا خراپەی ئەوان بە چاکە پاداشت دەداتەوە، ئەوان خراپە ئەنجامدەدەن دەرهەق بە مافی خوای گەورە ئەمیش بە وەسفکردنی خوای گەورە بە کەموکورتی وجوێندان پێی، وبانگەشەی شتێکی بۆ دەکەن کە ئەو زاتە پیرۆزە بەرزە ودووڕە لەو وەسفە پووچەڵانە، وپێغەمبەرانی بە درۆ دەخەنەوە وپێچەوانەی فەرمانەکانی کردەوە دەکەن، وئەوە ئەنجامدەدەن کە نەهیان لێکراوە لە ئەنجامدانی، لە بەرامبەر ئەمانەدا خودا چاکەکارە بەرامبەریان بە بەخشینی تەندروستی چاک وشیفادانیان لە نەخۆشیەکانیان وپاراستنیان بە شەو وڕۆژ لەوەی تووشیان دەبێت، وڕزقیان دەدات بە فەراهەمکردنی ئەوەی لە ئاسمانەکان وزەویدا هەیە بۆیان، وئەمیش ئەوپەڕی ئارامگرتن وچاکەکارییە، وخودا زاناترە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8299